# بۆ ژیان
# و
# بۆ ئازادی











چەند وشەیەک لە سەر بەرهەمەکانی چەند کاریکاتیریست

سلیمان قاسمیانی

* ئینتشاراتی هانا
* چاپی یه‌که‌م، ژانویه ۲۰۰۴ ، سوید
* ژماره‌ی ثبت: ۸ـ۰ـ۹۷۴۸۰۹ـ۹۱

Hana
Box 6040
424 06 Angered / Sweden

+ 46 (0) 70 -444 15 78
www.hana.se
info@hana.se

**ISBN: 91-974809-0-8**

## }dZg£¢ Â… z x£ h Â…

هونه‌ر یه‌كێكه‌ له‌ مه‌یدانه‌كانی ژیانی كولتوری كومه‌لگا. هونه‌ر هه‌م ئاوینه‌یه‌كه‌ له‌ ژیان و هه‌م داهینه‌ریكی ژیانی نوییه‌. هونه‌رمه‌ندیش له‌م روانگه‌یه‌وه‌ به‌ هونه‌ره‌كه‌ی هه‌م ژیان به‌و جوره‌ی كه‌ هه‌یه‌ ده‌خاته‌ به‌رچاومان و هه‌م ئاسوی ژیانیكی به‌رزتر و خوشترمان پیشان ده‌دات. مه‌به‌ست له‌م كتیبه‌ پیشاندانی به‌رهه‌می چه‌ن هونه‌رمه‌نده‌ و كورته‌ باسیک له‌ سه‌ر ئاسوی پینووسه‌كه‌یان.

كاریكاتیر گالته‌كردنه‌ به‌ رووداوه‌كانی ژیان. نیگایه‌كه‌ له‌و داخ و ده‌رده‌ی كه‌ هه‌موو روژیک ده‌كریته‌ ناخی ئینسانه‌وه‌ له‌ لایه‌ن ده‌سه‌لاتدارانه‌وه‌ به‌ هوی ژیانی نابه‌رابه‌ر و سیسته‌می كومه‌لایه‌تی چه‌وسینه‌ر. دیاره‌ كاریكاتیریش وه‌كوو هه‌ر به‌رهه‌میكی تر له‌ كومه‌لگای چینایه‌تیدا، جیاوازی تیدایه‌ و به‌ پیی ئه‌وه‌ی كه‌ خولقینه‌ری به‌رهه‌مه‌كه‌ سه‌ر به‌ كام چینه‌ بیت په‌یامه‌كه‌ی و بوچوونه‌كه‌ی ره‌نگ و ده‌نگی به‌رژه‌وه‌ندی تایبه‌تی ئه‌و چینه‌ به‌ خویه‌وه‌ ده‌گریت.

راپه‌رینی جه‌ماوه‌ری خه‌لک له‌ كوردستانی عیراق له‌ سالی ١٩٩١دا له‌ گه‌ل خوی بواریكی هه‌رچه‌ند كورت خایه‌نی له‌ ئازادی سیاسی خولقاند. شورا كریكاری‌یه‌كان سه‌ریان به‌رز كرده‌وه‌ و كور و كومه‌لی ئازادیخواز، سیاسی، كولتوری، هونه‌ری و كومه‌لایه‌تی هاتنه‌ مه‌یدانی‌ئه‌و ململانه‌ كومه‌لایه‌تییه‌ نوییه‌ی كه‌ به‌ دوای راپه‌ریندا بو یه‌كلاكردنی ده‌سه‌لاتی سیاسی له‌ ئارادابوو.

شوراكان نیشانه‌ی حضوری كریكارانی كوردستان وه‌كوو چین له‌ خه‌باتی سیاسی ئه‌و سه‌رده‌مه‌دا بوون. ئه‌م حضوره‌ هاوكات خوی له‌ مه‌یدانی فه‌رهه‌نگ و هونه‌ر و ئه‌ده‌بیاتیشدا پیشاندا. كور و كومه‌لی هونه‌ر و ئه‌ده‌بی كریكاری، درامای چه‌پ، موسیقای چه‌پ وه‌ک میرگی سه‌وزی به‌هار سیمای شاره‌كانی كوردستانیان رازانده‌وه‌ و هاواری ئازادی و به‌رابه‌ری و نه‌فره‌ت له‌ چه‌وسانه‌وه‌ و به‌شمه‌ینه‌تیان به‌ گویی كارگا و شه‌قام و كووچه‌ و كولانه‌كاندا كرد.

كاریكاتیر یه‌كیک له‌و مه‌یدانه‌ هونه‌ری‌یانه‌ بوو كه‌ جوولانه‌وه‌ی كریكاری و هونه‌رمه‌نده‌كانی به‌ ئه‌مه‌گی، موركی خویان له‌ ناوچه‌وانیدا. تا چوار سالیش دوای راپه‌رین شاره‌كانی كوردستان پر بوو له‌ جموجولی هونه‌ری و ئه‌ده‌بی كریكاری و پیشره‌و، وپیشكه‌شكردنی پیشانگای هونه‌ری جوراوجور و له‌وان كاریكاتیر، زور له‌ به‌ر چاو بوو. سه‌ردار عبدالله‌، ئارام عبدالله‌، ریناس، شوكاک له‌ كاریكاتیریسته‌ هه‌لكه‌وتوو و سه‌ركه‌وتووه‌كانی ئه‌و سه‌رده‌مه‌ بوون. له‌ لاپه‌ره‌كانی ئه‌م كتیبه‌دا چه‌ند دانه‌یه‌ک له‌ به‌رهه‌مه‌ كانی ئه‌و هونه‌رمه‌ندانه‌تان پیشكه‌ش ده‌كه‌م و چه‌ند دیریک له‌ سه‌ر هه‌ر كامیک ده‌نووسم. نووسینه‌كه‌ی من هه‌لسه‌نگاندن و ره‌خنه‌ی هونه‌ری له‌ به‌رهه‌مه‌كانی ئه‌و هونه‌رمه‌ندانه‌ نیه‌، هه‌رچه‌ند كاریكی وا به‌ لای منه‌وه‌ به‌ نرخه‌، به‌لام به‌ش به‌ حالی خوم ئه‌و به‌شه‌ راده‌گرم بو كاتیكی‌تر. من ته‌نیا هه‌ستی خوم سه‌باره‌ت به‌ هه‌ندیک له‌ به‌رهه‌مه‌كان ده‌رده‌برم. دیاره‌ ئه‌و به‌رهه‌مه‌ی كه‌ هه‌ستی منی بزواندووه‌ قه‌رار نیه‌ بو كه‌سیكیتریش هه‌ر به‌وجوره‌ و به‌و ئه‌ندازه‌ هه‌ست بزوین بیت. به‌لام هه‌رچی به‌رهه‌مه‌كه‌ پوختتر و به‌هیزتر بیت، به‌ هه‌مان ئه‌ندازه‌ش كه‌سانیكی زیاتر میوانی شادی و خه‌مه‌ی ده‌كات.

له‌ سه‌ره‌تادا بریارم دابوو كه‌ ئه‌م كتیبه‌ ته‌رخان بكریت بو كاریكاتیری پیشره‌و به‌ دوای راپه‌رینی ١٩٩١ له‌

کوردستانی عیراقدا. بەلام لە کوتاییدا رام گوری و بیجگە لەم چوار کاریکاتیریستە، هونەرمەندیکی تریش کرایە میوانی ئەم کتیبە. میهران تورابی خەلکی ئیرانە و چەن سالە ئاوارەی ولاتانی ئەورووپایە و تا ئیستاش کە ئەم کتیبە خەریکە لە ژیر چاپ بیتە دەر قەلای کونبری ئەورووپا دەروازەی پەنابەری بو ئاوالە نەکردووە. میهران تورابی کاریکاتیریست نیە بەلکوو وینەکیش و پەیکەرتاشی دارە. لە باری تعلقی کومەلایەتی و نرخەئینسانیەکانیەوە میهرانیش دەکەویتە خانەی هونەرمەندانی بزوتنەوەی سوسیالیستی و کریکارییەوە. زوریک لە بەرهەمەکانی میهرانیش بە ئاشکرا بەرەورووبوونەوەیە دژی کونەپەرستی، ئایین، ناسیونالیسم و ئیسلامی سیاسی. هەر بویەش بەپیویستم زانی کە چەند دانەیەک لە بەرهەمەکانی ئەویش بیتە نیو ئەم کتیبەوە. ئیستاش فەرموون ئەوە ئیوە و ئەوەش بەرهەمەکانی ئەو بەریزانە!

سلیمان قاسمیانی

# سەردار عبدالله



## _ fŽdfä ä¾šŽ¬¤“

- سالی **١٩٦٧** له شاری سلیمانی له دایک بووه.
- سالی **١٩٨٨** ئەنستیتوی پەیوەندی پوست و تەلەفونی تەواو کردووه.
- ساالی **١٩٩٤** له یەکەمین پیشانگای کاریکاتیر له لایەن "مەلبەندی هونەر و ئەدەبی کریکاری" له سلیمانی و قەلادزەدا بەشداری کردووه.
- کاریکاتیرەکانی له زوربەی بلاوکراوه کریکاری‌یەکان‌دا بلاو بووەتەوه.

## ;yzä Â‹ ¬œä›fäœÂ çœ£›g äš ß ® d ¬œäŒ

"هاوینی سالی ١٩٩٣ مەلبەندی ئەدەب و هونەری کریکاریمان پیکهینا کە من یەکیک بووم لە دامەزرینەرەکانی. ئەوکات بەشی موسیقام بەریوە دەبرد کە لە هەموو بونە و مەراسیمە کریکارییەکاندا چالاکی دەنواند. جگە لەمەش سالانە لە گەل هونەرمەندان شکاک عبدالستار و ریناس عارف، هەروەها جاریکیش لە گەل هونەرمەند ئارام عبدالله و ئاوات شابان و عەتا محمەد پیشانگای هاوبەشی کاریکاتیرم کردوتەوە.

من و ریناس و شکاک هەمیشە بە باشمان دەزانی کە پیشانگاکانمان هاوبەش بیت. هوکەشی هاونەزەریمان بوو لە سەر مەسەلە جواروجورەکان، نەک ئەوەی کە کەسمان نەمان توانیبیت پیشانگای تایبەتی خومان بکەینەوە، ئیمە لەو پیشانگایانەدا بە بەرنامەوە چەندین کارمان دە جستە دەستووری خومانەوە و دابەشمان دەکرد و پیکەوە کاریکی چر و پرمان دەکرد، کومەکمان بە یەکتر دەکرد.

**١٩٩٤** یەکەم پیشانگامان کردەوە

**١٩٩٥** دووەم پیشانگامان کردەود لە سلیمانی، قەلادزە، هەولیر بە دیواری قەلاوە.

**١٩٩٧** لە شاری هیلسنکی لە ولاتی فینلەند

**١٩٩٨** لە هولی موزەخانەی سلیمانی

**٢٠٠٢** لە شاری یوتبوری، هولی کتیبخانەی شار، لە ولاتی سوید

**٢٠٠٣** پیشانگای تایبەتی لە هولی موزەخانەی سلیمانی.

لە ماوەی ئەو سالانەدا پیشانگەی ترمان بە بونە و مەراسیمە کریکاری و سوسیالیستییەکان کردوتەوە، لەوانە ٨ی مارس، یادی شاعیری گیان‌بەختکردوو بەکر عەلی لە نیو گەرەکی خانووە بی تاپوکانی حامیە."

## ÂÅš fä äš y¯… }°Å† ç¼Å zÂÀÅˆ

### ä¾šŽ¬¤“ fŽdfä çœ£˜ä›ä fä… fä äš t ä ä z xäŒ

بورژواکان و ناسیونالیستەکانی کورد هەمیشە هەولیان داوە چینایەتی بوونی کومەلگای کورد ئینکار بکەن. چینایەتی بوونی کومەلگا، واتە جیاوازی بەرژەوەندییەکان لە ناو کومەلدا، هەرەشەیەکی جیددییە لە یەکلاکردنی سیاسەت و دەسەلات بە قازانجی بیری یەکگرتووانەی نەتەوایەتی.

کریکار بە لای ئەم رەوتەوە، هەبوونی نیە و ئەگەریش هەیبی دەبی لە پیناوی دەسەلاتی نەتەوایەتی و

کوردایەتی پیروزدا زگی بگوشی، ددان لە سەر جەرگ دابنی و بە کەم رازی بیت تا کوردایەتی پیروز و هیزی بورژوازی بە ئامانجەکانی خوی گەیشتبیت و رازی بە بەشی خوی لە دەسەلات دا بووبیت. تابلوی "مووچە" نیشانده‌ری ئەم بی ئابروویی‌ەی بورژوازی کوردە.

"باران" کاریکاتیریکی ئاساییە، ئاسایی بە قەرای نیزامی چینایەتی. دارا و نەدار و دەسەلاتدار و بیدەسەلات. ئەمیان دەبیت خوی بداتە بەر ریژنەی باران بو ئەوەی دارا، ئەوەی کە بژیوی نەداری لە دەستدایە، باران تەری نەکا. تابلوی "شەهید" هەر ئەو بژیوەیە کە ئەمجار لە دەستی دەسەلاتداراندایە و خەلکەکە بو ژیانی ئەمروی دەبی گیانی بفروشی. ئەو مووچەی دەیدریتی هەر وەک سەردار دەلی پارەی خوینەکەیەتی. تابلوی "کار" راستییەکەی تری ئەم نیزامە و شەری بەردەوامی دەسەلات بەینی بەرە جوراوجورەکانی بورژواییمان پیشان دەدا. "کار" هەر وەک وترا بو ژیان و حاوانەوەیە. ژیان لیرەدا لە مشتی ئەوانەدایە کە کاری نان‌هینەر دەبەشنەوە! کارگاکان کەسیان ناوی، بەلام مەیدانەکانی شەر ئاوالەن و سەرباز دەتوانی سەری بدورینی و ژیانی بە مفت بفروشی. کریکار و ئینسانی بی بەژیو هەمیشە لەم بازارەدا بەخیرهاتن کراون و دەکرین!

ئایین لە خویدا دژی ئینسانە چون دەردی ئینسان چارە ناکا و خەتای چارەرەشیەکەی یان دەخاتە پال خوی یان رازی دەکا بە قەزا و قەدەری خوا و چارەنووس. هەنگاو هەلینانەوە بو بینین و دوزینەوەی پەیوەندی ئەو چارەرەشیانە و سیستەمی کومەلایەتی و دەسەلاتی سیاسی و ئابووری، مورکی کفر و ناشوکری لیدەدری و ئایین بەم جورە دەبیتە ریگری بەرەوپیش‌چوونی کومەلگای ئینسانی و هاودەمی دەسەلاتداران. ئیسلامی سیاسی ئەو بەشە لە ئایینە کە خوی دەسەلاتی سیاسی بە دەستەوەیە یان بو گەیشتن بەو دەسەلاتە تیدەکوشی و هەول دەدا کە ئیسلام و ئایین لە خانەی پەیوەندی تاکەکەسی بینیتە دەر و تاکەکان مەجبوور بکات سەر بو نرخەکانی دانەوینن. سەرکەوتنی کوماری ئیسلامی ئیران بوو بە هوی پەلداکوتان و پەرەگرتنی هەرچی زیاتری ئیسلامی سیاسی لە ناوچەدا.

"دایناسور" لەو کاریکاتیرانەیە کە بزە دەخاتە سەر لیو، بزەیەک کە تالییەکی تفتی بە دواوەیە. دایناسور و مەلا تووشی یەک دەبن. دایناسور بە سەرسورماوی‌یەوە لە مەلا دەپرسی "ئەی! ئەوە تو هەر ماوی؟!" مەلاش دەلی "هەی جوانەمەرگ". ئەم کاریکاتیرە زەمانی حالی ئەمرویە. ئایین دەبوو بە قەرای دایناسورەکان پەیوەندی بە ژیانی ئینسانی ئەمرو هەبووایە. بەلام دایناسورەکان لە بەین چوون و ئایین ئیستاش نەک هەر زیندووە بەلکوو لە زور شوین دەسەلاتی سیاسی بە دەستەوە.


تیرور و کوشت‌وبر رووی ئاشکرا و توندی ئیسلام لە ناوچە دابووە لەم چەند سالەی دواییدا. هیزە ناسیونالیستە دەسەلاتدارەکانیش بە ئاشکرا دەس لە ملانی ئایین و بزوتنەوەی کونەپەرستی ئیسلامی لە کوردستان و لە ناوچەدا بوون. تابلوی "تیرور" رووی راستەقینەی ئەم هیزەکونەپەرستانەیە. ئەوان ئەو کوشتارەن کە لە لوولەی چەکەوە دینە دەر و ئەو گوللەیەن کە قەرارە جەرگی رووناکی بپیکن.


تابلوی "فەرموو" دلدانەوەی ئیسلامییەکانە لە لایەن هیزە ناسیونالیستەکانی کوردستانەوە. سەروکەکان دەفەرموون کە خەلک موسولمانە بەلام لە راستیدا ئەوە دەسەلاتی ئەوانە کە ئیسلام و ئایین زیندوو رادەگری. ئەوان ئایین دەحاویننەوە و دەمی دەنگی ئینسانی ئەمرو، دەبەستن.


تابلوی "خوشەویستی" نەفرەتی پیاوسالارییە لە ئازادی ژن و لە دەنگی شیرینی خوشەویستی. پیاوسالاری


نەریت پاریز، چ ئاییني بیت و چ غەیرە ئاییني، بە یەک ئەندازە دوژمنایەتیان هەیە لە گەل بیري نوی و لە گەل بەرابەری ژن وپیاو. بویەش هەردووکیان وەکوو یەک ئەو دارە دەبرن و تەنانەت رەسمەکەشی لەت لەت دەکەن. تابلوی "ئالا" کوشتاری ئینسانە، رەشەکوژی ژنانە لە کوردستان لە سایەی دەسەلاتی هیزە ناسیونالیستەکانی کوردستان. کوردایەتی بو ژنانی کوردستان بەرهەمیکی تری نەبوو غەیری کوژرانی هەزاران ژن بە نیوی بیناموسی و بەرەلایی و شەرەفپاریزی. خوینی ئەو هەزاران ئینسانە هەرگیز لە داوینی ئەو هیزانە پاک نابیتەوە کە بە بیری تاریکیان کونەپەرستییان لە گور هەلستاندەوە و هیزی زیاتریان خستەوە بەر!
میژووی ناسیونالیزمی کورد لە کوردستانی عیراق میژووی سازان و سەردانەواندن بو دەسەلاتدارانی جوراوجوری ناوچەکە بووە. گرینگ بو ئەم هیزانە لە هەموو کاتیکدا دەسەلات لە خویدا بووە هەر بویەش هەر ئامادە بوون بچنە پال هەر هیز و دەسەلاتیک لە دنیا و ناوچەکەدا بە مەرجیک کە لە کوشکی ئاوات واتە دەسەلات نزیکیان بکاتەوە. تابلوی "کاتژمیر" میژووی ئەم هیزانەیە بە هەلپەرکییان لە بەرە جوراوجورەکاندا و جیگاگورینیان بە هوی مەسلحەتی کات. دەمیک خومەینی، دەمیک سەدام، دەمیک نەوەکانی ئاتاتورک، دەمیک ئەسەد، دەمیک رووسیە، دەمیک جورج بووش هتد!
تابلوی "مەرحەبا" دەلیی بو باسەکانی ئەمرو لە سەر لیستەی هاوکارەکانی سەدام لە نیو پارتییەکانی ناسیونالیستی کورددایە. ئەم مەسەلەیە نابی شتیکی سەیر بیت لە نیو ئەو هیزانەدا. کاتیک سیاسەتی ئەم حیزبانە وا بە ئاسانی لەمرووە تا بەیانی سەبارەت بە دەسەلاتدارانی ناوچەکە فەرق دەکا، هاوکاری کردنی ئەندامانی لیژنەی بالا و نزمتریش لە گەل دەولەتە حاکمەکان دزیو و پیس ناکەویتە بەرچاو و ئاسایی دەبیت!
لە کوتاییدا باسی چەند بەرهەمی سە ردار بکەم کە بە دوای هاتنی بو دەرەوەی ولات هیناونیە سەر کاغەز.
سیاسەتی ولاتانی روژئاوا بە نیوی "نسبیەتی فەرهەنگی" لە راستییدا گیان دانەوە و بووژاندنەوەی کونەپەرستی و داب و نەریتی دواکەوتووانە و قەومپەرستی و ناسیونالیزمە. لە جیاتی لەبەر چاوگرتنی ئازادی و یەکسانی هەموو هاوولاتیان، خەلکەکە دابەش دەکری بە "رەسەن" و "پەنابەر" یان بیگانە. بیگانەکان ویل دەکرن لە گەرەکەکانی خویاندا بە کولتور و فەرهەنگی "خویانەوە" و ریز لە کولتوریان دەگیری. ولاتیک و دوو ماف، بانیک و دوو هەوا.
کاریکاتیری "الله اکبر" بانگی مەلایە لە عیمارەتیکی چەند قاتی را. هەر لەو ولاتەدا جەرەسی کلیسا بیدەنگ دەکەن کاتیک هاوولاتییەک شکایەت دەکا کە جەرەسەکە خەوی لی حەرام کردووە و ئاسودەیی لی شیواندووە. بەلام مەلا بوی هەیە میشکی سەری خەلک ببا، بە هوی ئەوەی کە بانگی ئەو رووی لە "بیگانەکانە" و ئەوان کولتورەکەیان جیاوازە!
قەتلی ناموسی تەنیا لە کوردستان و ئوردون و پاکستان و عربستان روونادا. لە ناو جەرگی ئەوروپاشدا تا ئیستا بە دەیان کەنیشک و ژن گیان لە دەست داوە. دەردەکە لەوەدایە کە لە زوربەی ولاتانی ئەوروپا تا یەک دوو سال لەمەوبەر، بە لە بەر چاوگرتنی باری کولتوری، تاوانکەر تا رادەیەک خاتری دەگیرا و سزای کەمتری بو دەبرایەوە. ریگەدان بە داب و نەریتی کون کە بنچینە و بناخەی قەتلی ناموسییە، هەر وا بەردەوامە و بە واتەیەک ئەم ولاتانە ریگە خوشکەری بەردەوامبوونی قەتلی ناموسین. تابلوی "قەتل" لەم دەردە کوشندەیە و لە دوو روویی دەسەلاتدارانی ولاتانی روژئاوا دەدوی.

تابلوی "رووبه‌ند" وینه‌یه‌که له هه‌نگاوه‌کانی ئیسلامی سیاسی بو داسه‌پاندنی نورمه گه‌نده‌له‌کانی ئه‌م ره‌وته له ولاتانی "دیموکراتیک" له ژیر ناوی مافه دیموکراسییه‌کان وه‌کوو ده‌ربرینی بیرورا و ئازادی له به‌رکردنی جل وبه‌رگ. به‌م ئالایه‌وه ئه‌م ره‌وته سواری سیاسه‌تی نسبیه‌تی فه‌رهه‌نگی ده‌بیت و له‌شکری جه‌هل و دواکه‌وتوویی خوی ده‌کاته مه‌یدانه‌کانی گشتی له روژئاوادا. بریاری دایره‌ی گشتی فیرگه و بارهینان له سوید ریگا ده‌دا به ژنانی سه‌رتاپا داپوشراوی ئیسلامی که به‌م به‌رگه‌وه و ته‌نانه‌ت به چاوی داپوشراوه‌وه بچنه مه‌درسه‌کان.


عەیبە سەری بەرز
بۆ مووچە نەوی ئەکە
!؟
گومرگ و ...و
موچە خۆری سەربەرز !؟
SARDAR.A-95



SARDAR·A·95


شەهید ( ....... )
بەزیاد بیت...
مووچەیەکی باشە!!
گەوجە نەوە
خوینەکەتە !





شوێنی بەتاڵمان هەیە.. لەگەڵ ڕێزدا

Sardar .A. 94





ببورن کار نییە .. تکایە



عجیب !!
تا ئیستا... ماوی؟
هەی...
جوانەمەرگ!



SARDAR.A.95






Sandar 99



KURD
STAN


U
A
$
1996
PDK
P.UK
SARDAR


SARDAR 97



USA
معارضه العراقيه
IRAKS OPPOSITION
معارضه العراقيه
IRAKS OPPOSITION
معارضه العراقيه
IRAKS OPPOSITION
معارضه العراقيه
IRAKS OPPOSITION
Sardar 99


STOP
SARDAR.97





Gröh
Röd
SARDAR·97




2000
TO 2000 YEAR
SARDAR

## ئارام عبدالله



## ä¾šZ¬¤“ wZf£¢

* له دایک بووی: هه‌ولیر ١٩٦٩
* ده‌رچووی کولیجی ئه‌ندازیاری، به‌شی کاره‌با، سالی ١٩٩٠
* پینج پیشانگای تایبه‌تی هه‌یه، له گه‌ل هه‌ندی کاری تری هاوبه‌ش، که ئه‌مانه‌ن:

_ له یه‌کی ئه‌یاری ١٩٩٢ له باغی گلکند له هه‌ولیر.

_ له یه‌کی ئه‌یاری ١٩٩٣ له هه‌مان شوین.

_ له ٩_٨_١٩٩٥ له هولی میدیا له هه‌ولیر.

_ له ١٠_١_١٩٩٦ له ناوه‌ندی روشنبیری سه‌رده‌م له هه‌ولیر.

_ له یه‌کی ئه‌یاری ١٩٩٦ له هه‌ولیر و رانیه.

* کاره هونه‌ری‌یه‌کانی له زوربه‌ی روژنامه و گوڤاره رادیکال و کریکاری‌یه‌کان‌دا بلاو کراونه‌ته‌وه .
* ئه‌ندامی مه‌لبه‌ندی ئه‌ده‌ب و هونه‌ری کریکار بوو.

## zhyz£¢fä… }£Åœd z ç†ä £•z®›

### ä¾šZ¬¤“ wZf£¢ çœ£˜ä›ä fä… fä äš tää zxäŒ

کاریکاتیره‌کانی ئارام زوریک له‌و مه‌یدانانه‌ی که سه‌ردار لیبیان دوواوه، ده‌خاته به‌رده‌م قه‌له‌مه‌که‌ی. گالته‌ی ئارام به ده‌سه‌لاتداران زور زه‌قتره هه‌م به نووسینه‌که‌ی و هه‌م به شیوه‌ی خستنه سه‌ر کاغه‌زی وینه‌کانه‌وه.
وینه‌کان سه‌ره‌رای ده‌ستکاری کردن و خوار و خیچ کردنی خاوه‌نه‌کانیان، له که‌سایه‌تیی‌یه‌که دوور ناکه‌ونه‌وه.
ئه‌وه‌ی که له به‌رهه‌مه‌کانی هه‌موو کاریکاتیریسته‌کانی ئه‌م کتیبه‌دا له‌به‌رچاوه گالته‌نه‌کردنی ئه‌مان به که‌سایه‌تیه‌کان وه‌کوو که‌سه. ره‌خنه و گالته‌که رووی له سیاسه‌ت و بوچوون و هه‌لویستی که‌سه‌کانه نه‌ک خویان وه‌کوو که‌س. شیخ ره‌زای تاله‌بانی و هاوده‌مه‌کانی ئه‌مروی ئه‌و ناتوانن به هیچ جوریک خویان له‌گه‌ل ئه‌م کاریکاتیریستانه هه‌لسه‌نگینن چون به‌رهه‌می ئه‌مان و ئه‌وان له دوو دنیای جیاوازدا و له دوو نرخاندنی جیاوازی ئینسانیه‌وه سه‌رچاوه ده‌گرن.

تابلوی "بیکاری" یه‌کیک له جوانترین به‌رهه‌مه‌کانی ئارام عبدالله‌یه. ئینسانی بیکار به راستی رووته. نه‌ک له به‌ر ئه‌وه‌ی که پاره‌ی نه‌بیت خوی داپوشی، به‌لکوو به هوی شوینگه‌که‌ی وه‌کوو بیکار. بیکار یه‌عنی ده‌ستی به‌تال و ده‌ستی به‌تال یه‌عنی زگی به‌تال و مروفی بی په‌نا. به بی کار، یه‌عنی هیچت نیه و گیانت له گره‌وی کار دایه. که کارت نه‌بوو هه‌موو که‌س ده‌زانی ناو مالت چونه، حالت چونه، چیت هه‌یه و چیت نیه، ده‌ستت بوچی ده‌روا و بوچی ناروا. هه‌موو که‌س ته‌نانه‌ت ئاگاداری خه‌ونه‌کانت و موته‌که‌کانی شه‌وانه‌تن. ئه‌خلاقت ده‌گوری و رووحت ده‌گوری، پیکه‌نینه‌کانت کال و کالتر ده‌بن ... و "له سه‌ر ساجی عه‌لی داده‌نیشی". رووت و قووت! کریاره‌کانی هیزی کاریشت ده‌تناسنه‌وه و به رووتی ده‌تبینن. کار نیه به‌لام کریاری ژیانت زورن!

ئه‌فغانستان ئه‌و ولاته‌یه‌ که‌ ئیسلامی سیاسی تا سه‌رحه‌دی ده‌وره‌ی موحه‌ممه‌د بردیه‌ دواوه‌. له‌ هیچ شوینیکی تری دنیا تا ئه‌م ئاسته‌ ئیسلام نه‌یتوانیوه‌ رواله‌تی ره‌سه‌نی خوی پیشان بدات. تابلوی "پیکه‌نین" قه‌ده‌غه‌یه‌، گالته‌ نیه‌ راسته‌قینه‌یه‌. هه‌لبه‌ت ئه‌وه‌ ته‌نیا له‌ ئه‌فغانستان نیه‌ که‌ پیکه‌نینی ژنان قه‌ده‌غه‌یه‌. ئه‌م رواله‌ته‌ ئایینی و پیاوسالارانه‌یه‌ له‌ زوریک له‌ ولاتانی تر که‌ ده‌که‌ونه‌ به‌ره‌ی "ناموس پاریزی"یه‌وه‌، ئه‌و قفله‌ له‌ ده‌می ژنان ده‌ده‌ا. کاتیک ژن "ناموس"ی پیاو بیت، ده‌نگه‌که‌شه‌ی ده‌توانی "شه‌ره‌ف"ی واته‌ خاوه‌نداریتی یه‌که‌ی بخه‌وشینی.

ململانیی ده‌سه‌لات له‌ نیوان هیزه‌کانی به‌ره‌ی نه‌ته‌وایه‌تی کورد له‌ نیوخویاندا وله‌ گه‌ل حکومه‌ته‌کانی ناوچه‌دا شتیکی تازه‌ نیه‌. ئه‌م رووداوانه‌ ئه‌وه‌نده‌ دووپات بوونه‌وه‌ که‌ ئیتر له‌ میژوو ده‌رچوون و بوونه‌ته‌ کومیدیایه‌کی تراژیک بو ژیانی خه‌لک. تابلوی "ململانی ١ و ٢" له‌ حیکایه‌تی "میکی ماوس"ی والت دیسنی ده‌چی. ده‌میک "میکی" را ده‌کا و حه‌زره‌تی پشلیه‌ به‌ دوایه‌وه‌ و دوای پشوویه‌ک نوره‌ی راکردنی پشیله‌یه‌ به‌ ده‌ست میکی یه‌وه‌. یه‌کیه‌تی و پارتی ئه‌وه‌نده‌ ئه‌م فیلمه‌یان له‌ ژیانی واقعدا کایه‌ کردووه‌ که‌ تا ئیستا ده‌بووایه‌ له‌ لایه‌ن هالیوودی ده‌سه‌لاتدارانه‌وه‌ خه‌لاتی ماندوو نه‌بوونیان پیشکه‌ش کرابوایه‌.

تابلوی "ئه‌ملا و ئه‌ولا" هه‌رهه‌مان حیکایه‌ته‌ به‌لام نه‌ک له‌گه‌ل یه‌کتر به‌لکوو له‌ گه‌ل حکومه‌ته‌کانی ناوچه‌. ئه‌م ئه‌ملاو ئه‌ولا کردنی هیزه‌ قه‌ومیه‌کانی کورد ئه‌وه‌نده‌ دووپات ده‌بووه‌وه‌ که‌ ته‌نانه‌ت خوشیان سه‌ریان لیده‌شیواو و له‌ بیریان ده‌چووه‌ که‌ له‌ که‌ی را ئیتر نابی هاوکاری ئه‌م یان ئه‌و حکومه‌ته‌ بکه‌ن! سه‌یر نیه‌ ئه‌گه‌ر ئه‌وانه‌ی ئه‌مرو له‌ لیسته‌ی هاوکاره‌کانی به‌عسدا ناویان ده‌رچووه‌، هه‌ر له‌وه‌دا به‌ هه‌له‌ چووبن!! و سات و کاتی هاوکارییه‌که‌یان لی تیکه‌ل بووبی!

له‌و روژه‌وه‌ که‌ یه‌کیه‌تی نیشتمانی ده‌سه‌لاتی ناوچه‌ی به‌ ده‌سته‌وه‌ گرت، ده‌روازه‌ بو جه‌للاده‌کانی کوماری ئیسلامی ئیران بو کوردستانی عیراق به‌ ته‌واوی خرایه‌ سه‌ر پشت. له‌و کاته‌وه‌ تا سالی ٢٠٠٠ زیاتر له‌ ٨٠٠ په‌نابه‌ری سیاسی کوردی ئیرانی له‌ ناوچه‌ی ژیر ده‌سه‌لاتی یه‌کیه‌تیدا به‌ ده‌ستی تیروریسته‌کانی حکومه‌تی ئیسلامی ئیران گیانیان له‌ ده‌ست دا. یه‌کیه‌تی نیشتمانی له‌به‌رده‌م میژوو و له‌به‌رده‌م هه‌موو ئه‌و گیانبه‌ختکردووانه‌دا به‌رپرسیاره‌ و روژیک ده‌بی ولام به‌و سکالایه‌ بداته‌وه‌. تابلوی "کاغه‌زی سپی" ئه‌م ئینسان فروشتنه‌ به‌ جوانی پیشان ده‌دا.

تابلوی "شیر" به‌ راستی جوانه‌! شه‌رفروشیک که‌ شیر منالی ساوا ده‌فرینی و ساروخیک ده‌خاته‌ ده‌میه‌وه‌. هه‌لبه‌ته‌ پیویست به‌ ساروخه‌که‌ ناکات چون مناله‌که‌ به‌ بی شیره‌که‌ تیداده‌چی. دیاره‌ مناله‌که‌ تامی شیر و ساروخ لیک ده‌کاته‌وه‌، هه‌ر بویه‌ش بو گیانی خوی به‌دوای کابرای تالانکه‌ردا را ده‌کا.

"بیزاری له‌ شه‌ر" تابلوی ئاره‌زوی ئینسانه‌ بو نه‌مانی شه‌ر. ئه‌گه‌ر بکرایه‌ شه‌ر وا به‌ ئاسانی به‌ هه‌لداشتنی ئامرازی شه‌ر له‌ خویدا کوتایی پیهاتبا، له‌ بنهینانی شه‌ر هینده‌ گران نه‌ده‌بوو. به‌لام بو کوتایی پیهاتنی یه‌کجاری شه‌ر، ئه‌وه‌ خولقینه‌ران و خاوه‌نه‌کانی ئامرازی شه‌ره‌کانن که‌ ده‌بی بخرینه‌ هه‌لدیری میژووه‌وه‌ که‌ له‌ تابلوکه‌دا دیاریان نیه‌.


بورژواکان زور به‌ بالای سیسته‌می حکومه‌تی دیموکراسیدا هه‌لده‌لین. ئه‌وان وای ده‌نوینن که‌ گوایه‌ ده‌سه‌لاتی دیموکراتیک ده‌سه‌لاتی خه‌لکه‌ به‌لام له‌ راستیدا ده‌سه‌لاتی هه‌لبژیردراوه‌کانه‌ به‌سه‌ر هه‌لبژارده‌ره‌کان. ته‌نیا


ریزیک که هه‌لبژیرده‌ر هه‌یه‌تی له ده‌نگه‌که‌یدا کو ده‌بیته‌وه. تا ده‌نگی نه‌داوه سیاسه‌تبازه‌کان به ده‌وریه‌وه‌ن و ته‌نانه‌ت له سه‌ر سه‌ریشی داده‌نین. به‌لام که هه‌لبژاردن ته‌واو بوو، هه‌لبژاردراو سواری ده‌نگده‌ر ده‌بیت و نایه‌ته خوار تا که‌ر له به‌غدا نه‌زه‌رینی. ئه‌و که‌ره‌ش مه‌گه‌ر هه لبژاردراو خوی ده‌نگی ببیسی! تابلوی "هه‌لبژاردن" پر به پیستی دیموکراسی بورژواییه و به لای منه‌وه له کاریکاتیره هه‌ره جوانه‌کانه!




**بیکاری**

بەبۆنەی مانگرتنی کرێکارە سەنعەتیەکانی ئێران .....





ARAM



كورم!... شوكر به...
شوكر...
$
ARAM


1

## ململانی له پیناو مانه‌وه‌دا...



2








**تكايه... بى ته‌عليق...**

قوربان... "بەندەی مخلص"تان ئامادەیە کاغەزی سپی ئیمزا بکات بو داواکاری‌یەکانتان!





ARAM





بیزاربوون لە شەر!


تكایه له ماله كانتان ده رمه چن.
دلنیا بن ... سه رو مالتان ... شه ره ف
و كه رامه تتان پاریزراو ده بیت
هەولێر
ARAM


پیش هه لبژاردن
سه ندووقی هه لبژاردن
پاش هه لبژاردن
ARAM


گومرگ
گومرگ
ARAM


1
الفاتحة
2
ARAM

**ریناس**



## qf£“ i £À f

ـ سالی ١٩٧٢ له شاری سلیمانی له دایک بووه.
ـ کالجی تەربیەی له زانکوی سه لاحه دین ته واو کردووه.
ـ ئه ندامی مه لبه ندی هونه ر و ئه ده بی کریکاری بووه .
ـ سالی ١٩٩٤ له یه که مین پیشانگای کاریکاتیری «مه لبه ند» له سلیمانی به شداری کرد.
ـ سالی ١٩٩٥ به شداری کرد له دووهه مین پیشانگای «مه لبه ند» له شاره کانی سلیمانی، هه ولیر، دیانه، کوی یه و قه لادزه.
ـ به شداری له فستیوالی ئه یار له سالی ١٩٩٥ و ١٩٩٦.
ـ یه که م پیشانگای کاریکاتیری تایبه ت به خوی له سالی ١٩٩٤ له که لار کرده وه .

## x£±ÀÂ¢ z ã d ,x£ h z xh
## qf£“ i £À f ç£˜ä›ä fä fä ä‌ t ä ä z xä€

پارله مانی کوردستان یه کیک له نمونه کانی ئه و دیموکراسییه یه که پیشتر له به شی کاریکاتیره کانی ئارام دا باسی لیکرا. ئه م پارله مانه مادام العمر بوو وه ک پاشایه تی به میرات ده چوو. دووباره بوونی نه بوو و وه ک کونسیروی ماسی هه ر له قوتوو دا مابووه وه و ته نیا پیویست بوو تاریخی ئیکسپایربوونه که ی نوی بکه یه وه! کاریکاتیری "پارله مانی ئاوقتوو" نیوی خوی به خویه وه!

ریناس یش وه کوو سه ردار و ئارام، ئه ملاو و ئه ولاکردنی هه مه روژه ی هیزه ناسیونالیسته کانی کورد بو کوردایه تی پیروز، جه رگی پینووسه که ی سوتاندووه و هاتووه ته دوان. ریناس ئایدیاکه ی ده خاته مه دره سه و وانه ی میژوو! وانه ی ئه مجاره ناوی کوردایه تی، ببورن کلکایه تییه! کاریکاتیری "کلکایه تی" یه کیک له تابلو هه ره جوانه کانی ریناسه.

"بووش"ی باوک، ده سپیکه ری نه زمی نویی جیهان بوو. به دوای رووخانی سوفیه ت، ئه مریکا وه کوو تاقه زلهیزی دنیا به خه یالی خوی له ئارادا مابووه وه. به لام ئه م ئاغای تازه ی دنیا ده یزانی که ته نیا نیه و ده بی به زور خوی داسه پینی! یوکوهاما، خه ونی کوتایی میژووی ده بینی و بورژوازی جیهانی له خوشی داورووخانی سوفیه ت شاگه شکه ببوو و باسی دنیایه کی ئازاد و یه کسانی ده کرد له به هه شتی بازاری جیهانیدا! داسه پاندنی ئه م نه زمی نوییه به کوشتاری ٢٠٠ هه زار سه ربازی عیراقی له سالی ١٩٩١ دا که له حالی پاشه کشه و هه لاتندا بوون ده ستی پیکرد و تا ئیستاش به په ره گرتنی تیروری جیهانی دوو لایه نه ی ئیمپریالیستی و ئیسلامی دریژه ی هه یه. تابلوی "نه زمی نوی" پیشانده ری هارینی ئیسک و گوشتی مروفایه تی له ژیر چه رخی ئه م نه زمه پیسه کون و نوییه دا!

تابلوکانی تری ریناس ده گه رینه وه سه ر ره وتی کونه په رستانه ی ئیسلامی له ناوچه که دا. له تابلوی "ریش و قورئان" دا تالیبانه خومالییه کان ده بینین که دیارییان بو منالانی کور، ریشه و مه دره سه ی قورئان. هه لبه ت ئه وه ته نیا

تایبەت بە رۆژهەلاتی ناوەراست نیە. مەدرەسەی قورئان نەک تەنیا لە کوردستان و ئەفغانستان و پاکستان بەلکوو لە جەرگی ئەورووپاشدا وەک کارگ خەریکن قوت دەبنەوە و ئاسوی منالی پەنابەر لەو ولاتانەدا تاریک دەکەن. تابلوی "لیچکە" هەمان مەلایە بەلام بە لیچکەوە دەچیتە پیری منالانی کچ. دەولەتی سوید لەمانگی ئوکتوبەری سالی ۲۰۰۳ دا بە ریگەدان بە کچانی رووبەند پوش لە مەدرەسەکاندا، وەک مەلاکان بوو بە دیاریهینەری ئیسلامی سیاسی بو کچانی ناوەندەکانی ئیسلامی.


تابلوی "بیحورمەت" چارەی رەشی هەزاران ژن لە کوردستان بووە لە سالی ۱۹۹۱ بەدواوە لە ژیر سایەی دەسەلاتی ئینسانکوژ بەلام ناموس پاریزی ناسیونالیستەکان و ئیسلامییەکان. ئەو ژنانەی کە نەدەبوا هەوای ئازادییان هەلمژیبا و لە خواکانی سەرزەوی هەلگەرابانەوە! بەو ژنانە دەیان هەزار ژنی تر زیاد بکە کە خویان لە خویان دەبنە مەلا و بە دەستی خویان ئاگر لە گیانیان بەردەدەن و خویان دەسووتین. ئەو ژنانەی کە ریگەی دەربازبوون لە کویلەتی بی پایان و زولم و زوری لە کیشان نەهاتوو نابینن و لە سوتاندنی خو واتر ئاسویەک بو کوتایی هینان بەو جەهەننەمە ئایینی و نەریتی یە نایەتە بەرچاویان.

"لە ئەفغانستان چ باسە" نیگایەکە لە دوژمنایەتی ئەوتوی تالیبانەکان لە گەل هەرشتیک کە پەیوەندی بە نویخوازییەوە هەیە. تابلوی "محفوز" بەسەرهاتی نەقیب محفوزی میسری یە کە بە دوای وەرگرتنی خەلاتی ئەدەبی نوبل و کیشەی لە گەل ئیسلامیستەکان، هەرەشەی کوشتنی لیکرا و وەکوو سەلمان روشدی تا ماوەیەک مەجبوور بە ژیان نهینی کرا.





پەرلەمان
ناو قتوو --



وانەی کوردایەتی
کلکایەتی
TURKY
IRAN
DUhooK
ARBIL
Sulaimaniyah
KerKuK
IRAQ
Renas.96



New
Worldsystem








بی حورمه ت!


له ئه‌فغانستان
چ باسه!؟
Renas.06




Renas .96



شوکاک



## f£¥±šŽ¬¤“ t£˜Â

ـ سالی ١٩٦٣ له سلیمانی له دایک بووه.

ـ له ئه‌نستیتوی ته‌کنیک له به‌غدا ده‌رسی خویندووه.

ـ به‌شداری کردووه له یه‌که‌م پیشانگای کاریکاتیری "مه‌لبه‌ندی هونه‌ر و ئه‌ده‌بی کریکاری" سالی ١٩٩۴ له شاره‌کانی سلیمانی، قه‌لادزه .

ـ سالی ١٩٩٥ به‌شداری دووهه‌م پیشانگای "مه‌لبه‌ند"ی کردووه له شاره‌کانی سلیمانی، هه‌ولیر، دیانه، کوی، سنجاق و قه‌لادزه.

ـ به‌شداری له سیهه‌مین پیشانگای کاریکاتیری "مه‌لبه‌ند" له سالی ١٩٩٦ دا.

هه‌روه‌ها به‌شداری کردووه له زور چالاکی هونه‌ری تر له سلیمانی.

## á ä‰ ç†êä ÿd z ç £Å ç›ë±Å¢
## f£¥±šŽ¬¤“ t£˜Â çœ£˜ä›ä fä… fä äš t ä ä z xäŒ

شوکاک یش دیاره ناتوانی بالی سامناکی ره‌وتی ئیسلامی له سه‌ر سه‌ری بیت و پینووسه‌که‌ی وه‌جواب نه‌یه‌ت. کوماری ئیسلامی ئیران یه‌که‌م ده‌سه‌لاتی ئیسلامی بوو که به ئاشکرا هاواری به جیهانی کردنی شورشی ئیسلامی به‌رز کرده‌وه و به ده‌ست و دلبازییه‌وه که‌وته پشتگیری کردنی ره‌وتی ئیسلامی له سه‌رانسه‌ری دنیادا. کونپه‌رستی کوماری ئیسلامی ئیران به دژایه‌تی ئاشکرا له گه‌ل ژنان و به خولقاندنی ئاپارتایدی راسته‌قینه‌ی جینسی به‌ینی ژن و پیاو له مه‌دره‌سه‌و شوینی کار و خه‌سته‌خانه و ته‌نانه‌ت ئوتوبووسه‌کاندا ده‌ستی پیکرد و به به‌رده‌باران و قانوونی قصاص‌ی ئیسلامی ته‌کمیل کرا. کوماری ئیسلامی، ولاتی ئیرانی گه‌رانده‌وه بو سه‌ده‌کانی ناوه‌راست. تابلوی "ساته‌لایت" ئه‌م راستیه‌مان بو ده‌خاته روو.

به دوای ئیراندا، ئه‌م ره‌وته کونه‌په‌رسته له جه‌زایر رووی دژی ئینسانی خوی پیشاندا. ئه‌و جه‌نایاته‌ی که ئه‌م ره‌وته له جه‌زایر کردوویه‌تی رووی کوماری ئیسلامیشی سپی کرده‌وه. سه‌ربرینی گوشاوگوشی خه‌لک تا به ئه‌مروش له لایه‌ن ئه‌م وه‌حشانه‌وه هه‌ر دریژه‌ی هه‌یه. دوژمنایه‌تی ئه‌م ره‌وته به‌ر له هه‌موو شتیک له گه‌ل نویخوازی و ئازادی و یه‌کسانی ئینسانه‌کانه. تابلوی "له جه‌زایر" باسی ئه‌م دوژمنایه‌تییه‌یه.


دیموکراسی و ئازادی، هاوسانی یه‌ک نین و له راستیدا په‌یوه‌ندییه‌کی راسته‌وخویان به یه‌که‌وه نیه. دیموکراسی شیوازیک له حکومه‌تی بورژوازییه، به دابه‌شبوونی ده‌سه‌لاتی سیاسی له نیوان هیزه‌کانی ئه‌وچینه‌دا. ئازادی له کومه‌لگادا به گشتی په‌یوه‌ست نیه به چونیه‌تی په‌یوه‌نده‌کانی ناوخویی چینی بورژوادا به‌لکوو ده‌گه‌ریته‌وه سه‌ر کیشه‌ی چینی بورژوا و چینی کریکار و چه‌ندوچوونی هیزه‌کانی ئه‌م دوو چینه و سه‌نگی کومه‌لایه‌تی هه‌رکام له‌و چینانه له سه‌رده‌می تایبه‌تدا. ئازادی بورژوایی، ئازادییه بو ئه‌و چینه له ده‌ستداگرتن به سه‌ر به‌رهه‌می

کاری کریکار و دەسکەوتەکانی کومەلگا بە گشتی. ئازادی پەرەپیدانی سەرمایە و دەسەلات و دارایی. بو ئەو کەسەی بەشی لە دارایی کومەل تەنیا فروشی هیزی کارەکەیەتی، هەر میلیمتریک لە ئازادیە کومەلایەتی و سیاسیەکانی گریدراوە بە خەباتی دایم بو بە دەستهینان و پاراستنی مافەکانی لە دەست دەسەلاتی بورژوایی حاکم. ئازادی وەکوو پزووی بەربووە لە نیزامی سەرمایەداریدا. ئەگەر پزووەکە زوو گرینەدریتەوە، هەر پیوەدەچی تا داوی ئاخر. کاریکاتیری "ئازادی"، کراسیکی چنراوە کە سەری داوەکەی بە چەرخی دیموکراسییەوە گریدراوە. کراسیکە خەریکە لە گەل هەر خولیکی چەرخەکە هەلدەوەشیتەوە. ئەو دەستەی کە ئەو چەرخە بوەستینی بورژوازی خوی نیە، بەلکو بەرەنگاری ئەو چینەیە کە ئازادییەکەی کەوتووەتە بەر هیرش!




تەکنولوژیای سەدەکانی ناوەڕاست


له جه‌زائیر و ... و... و
كه ئه‌م جوره شتانه ئه‌بینم
چاوم ئه‌په‌ڕیته پشتی سه‌رم
UNIVERSITY
Jornals
School
TNT



1993




پەرلەمانتاریزم!




**دام و دەزگای سەرکوتگەری**


Mercenary penciles
1994

**میهران تورابی**



## ç...ZfÂ† xZ®ÁÅ›

سال و شوینی له دایک بوون: ١٩٦١ مه‌راغه

خویندن: دیپلوم

شوینی ژیان: په‌نابه‌ری مال به کول

پیشانگا: تاران، ئوسلو، ستوکهولم، یوتبوری

ئیش: وینه‌کیش؛ گرافیست

## ®™£¢ z wäšä–

## ç...ZfÂ† xZ®ÁÅ› çœ£˜ä›ä fä... fä äš t ä ä z xäŒ

یه‌کیک له پیناسه‌کانی کاریکاتیر گالته‌کردنه به رووداوه‌کانی تالی ژیان. زوربه‌ی هه‌ره زوری ئه‌و کاریکاتیرانه‌ی که له لاپه‌ره‌کانی روژنامه و گوڤاره‌کاندا له سه‌رتاسه‌ری جیهاندا ده‌یبینین، له‌و چوارچیوه‌دان. جیاوازی‌یه‌که له‌وه‌دایه که گالته‌که به چی ده‌کری و چه‌نده ده‌چیته ناخی مه‌سه‌له‌کانه‌وه و چه‌نده قوول ده‌بیته‌ود و چه‌نده بویره.

به‌رهه‌مه‌کانی میهران تورابی له مه‌یدانی گالته کردندا نین. کاتیک ئینسان سه‌یری به‌رهه‌مه‌کانی میهران ده‌کات ئه‌وه‌ی بزه بیت له سه‌رلیو ده‌فری و نیگا مه‌جبوور ده‌بیت قوول بیته‌وه و خوی بکاته ناو ناخی وینه‌که و خال به خال لیی بکولیته‌وه. خه‌م، خه‌میکی بی بن بالی به سه‌ر یه‌کاویه‌کی وینه‌کانی میهران دا کیشاوه. هه‌لبه‌ته ئه‌و خه‌مه خه‌میکی بی ئاسو و تاریک نیه. خه‌میک نیه که ئینسان دابهیزینی، به‌لکوو تووره‌یی و بیزاری له گه‌ل خوی ده‌کاته ره‌گی بینه‌ر و هانده‌ریکه بو لانی که‌م هه‌لویست گرتن ئه‌گه‌ر نه هه‌لستان و هه‌ولدان بو گورانکاری.

له به‌رهه‌که‌مانی میهران دا چه‌ند دانه‌یان سیمای ژیانی په‌نابه‌رن به هه‌موو تالییه‌کانیه‌ود. تابلوی "ده‌ریا" ژیانیکه که کوکراوه‌ته‌ود له سه‌ر چه‌ند کوله‌که داری به یه‌ک هه‌لبه‌ستراوه‌وه له ناو ده‌ریایه‌کی بی پایان. ئاسو به هیچ جوریک روون نیه، تازه ئه‌گه‌ر ئاسویه‌ک هه‌بی. کی رووی له داهاتوویه؟ باوک یان دوو مناله‌که‌ی که له پشتیه‌وه‌ن و به پیچه‌وانه‌ی ئه‌و ده‌روانن. له باوک ته‌نیا که‌وا ره‌شه‌که‌ی ده‌بینین. له راستیدا ئه‌وه نه‌ک که‌وا به‌لکوو ئاسوی په‌نابه‌ر و په‌نابه‌ریتی‌یه که تاریکه.

تابلوی "به‌خیربین" رووی راسته‌قینه‌ی ولاتانی په‌نابه‌رنه‌ویسته. به‌خیرهاتننه‌که لافیتیکه و له سه‌ر ده‌روازه‌ی شار نووسراوه. به‌لام سه‌رتاسه‌ری ریگا و ته‌نانه‌ت نیو ده‌روازه‌که‌ش به مین و بزمار ئاژه‌نراوه.

تابلوی "سیبه‌ر" ئه‌و ده‌یان هه‌زار په‌نا به‌ره‌ن که به نهینی ده‌ژین و هه‌موو ژیانیان له خه‌ونیکی تالی بی پایان ده‌چی که ته‌واو بوون و ته‌واونه‌بوونی خه‌وه‌که به یه‌ک ئه‌ندازه سه‌رسورهینه‌رن.

مه‌رگ شتیکی تازه‌نیه و هه‌موو رووژیک ده‌فه‌که‌ی له گویدا ده‌زرینگیته‌وه. له تابلوکانی میهران دا چه‌ند تابلو له ئیعدام ده‌دوین که دیتنیان مچورک به له‌ش دادینی. ئه‌وه‌ی که سه‌رنج راکیشه ئه‌و جوانییه‌یه که سه‌ره‌رای ئه‌وپه‌ری سامناکبوونی رووه‌اوه‌که خوی له تابلوکاندا نیشان ده‌دا. داریک که ئه‌گه‌ر بو ئیعدام نه‌بووایه له خویدا

زور جوانە؛ پەتیک کە ئەگەر نەکرابایە گەردنی مروڤیکەوە یان دوو لاقی نەگرتبیتە ئامیزی بیرەحمانەی خوی، شتیکی تر بوو. ریزیک لە ئینسان کە ئەگەر دەستیان لە پشتەوە نەبەسترابووایە و لە داردراویک لە بەرچاویان رانەژابایە، هەزاران بیری تری دەخستە بەر دەم. دەبی چی لە دلیاندا بگوزەری ئەو ئینسانە ئاسایی یە گەورانەی کە لەو ریزەدا راوەستاون؟ ئیمە چاومان لە چاویان نیە. وینەکە دەبیتە ئاوینەیەک لە دەروونی بینەر خوی.

ئایین و سوننەت هەمیشە کوسپیک بوون لە سەر ریگەی ئازادی و رزگاری ئینسان. ئایین هەمیشە داردەستی دەسەلاتداران بووە. ئەگەر خوی لە سەر تەختی دەسەلات نەبووبی، چەپلەلیدەر بووە بو دەسەلاتداران. ژنان هەمیشە زیاترین ئازارایان پیگەیشتووە و پیدەگات لە ئایین و سوونەتەکان. لە بەرهەمەکانی میهران دا زور تابلو هەن کە لەو مەیدانەدا دەخولینەوە و ئایین و سوونەتەکان دەبزوینن.

یەکیک لەو تابلویانەکە بە لای منەوە لە هەموویان جوانترە، تابلوی "گوناح"ە. تابلویەکە لە نیگای یەکەمدا تابلویەکی ئاسایی یە و لە دارستان و کەنیشکیک و تەوریک زیاتر نیە. کەنیشکەکە دارەکەی لە باوەش گرتووە و کەمیک خوی هەلکیشاوە تا بتوانی دوورتر بنواری. تەوریکیش خەریکە دارەکە دەبری تا کچ لە ئاسو بیبەش بکات. ئەوەی کە زیاتر لە هەموو شتیک هەست و هووشی من لە دیتنی ئەو تابلویەدا بەرەو خوی رادەکیشی، نە تەورە و نە دارستان، بەلکوو ئارەزو و شەوقی کەنیشکەکەیە بو بینینی دنیای ئەوبەر؛ ئەو شەوق و ئارەزویە ئەوەندە بە هیزە کە بینەر بی ئەوەی دەم وچاوی کەنیشکەکە ببینی، روخساری پر لە شەوق و زەوقی کچەکەی دیتە بەرچاو. تابلوی "گوناح" لە راستیدا شەوقی دوزینەوە و لیکولینەوەی لیدەباری. هەربویەش تەورەکە زور بی هیز دیتە بەرچاو. ئینسان هەست بەوە ناکات کە لەوانەیە دارەکە بە لادابکەوی. شەوقی لیکولینەوە و بەرەوپیش چوون لە تەورەکە زور بەهیزترە.... ئەوەندەی کە تەواوی مەیدانی نیگا داگیردەکا و شەپولیک لە رووناکی و هیوا لە گەل خوی دینیتە مەیدان.

تابلوی "سوونەت" باسی روالەتیک دەکات کە سەری زور کەسی تیداچووە. هونەرمەند میهران بەو بەرهەمەی بە ئاشکرا ژیانی خوی خستووەتە سەر دەست. تابلوی "سوونەت" کچ و کوریکن کە سنوری سوننەتیان پەراندووە و گیان و ژیانیان خستووەتە بەردەمی رووت و تیژی خەنجەرەکانی لە کالان دەرکیشراوی ئایین و داب و نەریت.

کچ و کور لە سەر کتیبی ئاسمانی راوەستاون و رووتتر لە ئادەم و حەوا وەکوو پیچووکە تیکهالاون. تابلوی سوونەت، تابلوی خوشەویستی قەدەغەیە، یان باشترە بگوتری تابلوی "خوشەویستی"یە. خوشەویستی ئاسایی ئینسانی، ئەو خوشەویستی یەی کە لە زاتی ئینسان دایە و خەنجەر هەبی و نەبی لە دەمارەکانی ئینساندا وەک خوین لە گەران دایە؛ ئەو خوشەویستی یەی کە "خوا" و "پاتریارک" هەمیشە لیی ترساون و تکفیریان کردووە و موری بەرەللایی و بی ئەخلاقیان لیداوە. سەیر نیە کە خوشەویستی ئا بەم جورە کەوتووەتە بەر هیرش و پلاری ئایین و پیاوسالارەکان. خوشەویستی ئینسان دەتوینیتەوە لە خوشەویستەکەیدا، واتە دەبیتە تەنیا هەست و تەنیا دەسەلات. توانەوە لە خوشەویستدا، لە بیربردنەوەی دەسەلاتی ترە. خوشەویستی دەبیتە عەریفی "خوا"، رەقیبی پاتریارک و هەرەشەی لە بەین چوونی هیز و کونترولی موتلەقی دەسەلاتی کون. هەربویەش خوشەویستی لە خویدا کفرە، وەژیرپینانی کتیبی پیروزە و مەرگیش وەک ئاشنای بیری هەموانە، جوابی ئەم سوننەت شکاندنە یە. تابلوکە دەم و چاو پیشان نادا و بەومانایە هەستی ئەو دوو خوشەویستە لە چاوی خویانەوە نابینین. بەلام سەرەرای ئەوە تابلوکە وەکوو دلیک ترپەی دیت و خوشەویستیمان پیشان دەدات؛ ترس و ساممان دەخاتەوە بیر

و خوین و برین و ناله‌ی مه‌رگمان بو زیندوو ده‌کاته‌وه و گورستانه ئاوه‌دانه‌کانی ناموسپه‌رستی و ژن ئازاریمان وه‌ک فیلمی سینه‌ما به به‌رچاودا تیپه‌رده‌کا. "سووننه‌ت" تابلوی ده‌ردیکه به قوولایی میژوو، تابلوی ئه‌ڤینیکه له خوا گه‌وره‌تر.

ناتوانی هونه‌رمه‌ند بی و دلت بو ئازادی و به‌رابه‌ری ئینسان له کومه‌لگادا لیبدا به‌لام قه‌له‌مه‌که‌ت له چاره‌ره‌شی و بیبه‌شی ژن له ژیر سایه‌ی تاریکه‌سه‌لاتی کوماری ئیسلامی، شه‌پولی بیزاری ده‌رنه‌بری. قه‌له‌مه‌که‌ی میهران له‌و مه‌یدانه‌شدا به ئه‌مه‌گه. چارشیو و حیجابی ئیسلامی هه‌وینی زور به‌رهه‌می هونه‌ری ئه‌ون.

یه‌کیک له‌و تابلویانه‌ی که سه‌رنجی منی راکیشا، تابلوی "دیوار"ه. ئه‌م تابلویه وینه‌ی سه‌رتاپا ره‌ش داگیراوی ۳ ژنه له ژیر عه‌بادا که له راستیدا ته‌واوی گیانیان له ژیر عه‌بادا ون بووه. کور و کچیکی بچکولانه یه‌که‌ی فلچه‌یه‌ک به ده‌سته‌وه و سه‌تلیک ره‌نگ له په‌نایان، خه‌ریکن ره‌شایی عه‌با له سه‌ر په‌یکه‌ری ژنه‌کان به ره‌نگی سپی ده‌سرنه‌وه.

به‌م کاره‌ی مناله‌کان، به‌شیک له په‌یکه‌ری ژنه‌کان له حالی هاتنه ده‌ر له ژیر ره‌نگی ره‌شی عه‌بادایه. ئه‌م تابلویه به‌وپه‌ری ساده‌یی‌یه‌وه دژایه‌تی عه‌با له گه‌ل سروشتی ئینسان و جوانی و رووناکی نیشان ده‌دا. ژن له ژیر عه‌بادا له زاتی ئینسانی خوی بیبه‌ش ده‌کری، ده‌کریته شتیک که شایانی دیتن نه‌بی و به راستی ناحه‌ز و دل هه‌لشیوینه‌ره. له راستیشدا مه‌به‌ست له عه‌با و چارشیو هه‌ر ئه‌وه‌یه که ژن به بی هیچ رووده‌رباعیسی یه‌ک، به بی تعارف، له به‌رچاوی هه‌موو که‌سیتر ناحه‌ز و ره‌ش‌وتال بیت، بیجگه له خاوه‌نه‌که‌ی، هه‌تا نه‌کا که‌س خوانه‌خواسته ته‌مای تیبکا. چارشیو سیمبولی ناحه‌زییه و میهران له تابلوی "دیوار"دا زور به جوانی ئه‌م ناحه‌زی‌یه ده‌خاته به‌ر چاوی بینه‌ر.

یه‌کیکیتر له‌م تابلویانه که هه‌ر له عه‌با ده‌دوی، ناوی "تارمایی"یه. "تارمایی" تاقمیک ژنی عه‌با له‌به‌ر له دوور، له پشته‌وه را پیشان ده‌دا. ژنه‌کان زیاتر له سیبه‌ری ژن ده‌چن، تارمایی چه‌ن سیبه‌ری ره‌ش. خالی سه‌رسامهینه‌ر له‌م تابلویه‌دا بیجگه له "سیبه‌ر"بوونی ژنه‌کان و له ون بوونیان، منالیکی بچکولانه‌ی ره‌شپوشه که به زه‌حمه‌ت دیته به‌رچاو. مناله‌که ته‌نیا ده‌سته‌کانی دیارن که سپین. دوو ده‌ستی بچکولانه‌ی سپی که رووی له چارشیو له‌سه‌ره‌کانه و ده‌سته‌کانی به نیشانه‌ی هاوار به‌رز کردوونه‌وه. هاواریکی بیده‌نگ، یان هاواریک که له ره‌شایی عه‌باکاندا نوقم ده‌بی، هه‌روه‌کوو مناله‌که خوی که به ته‌واوی له ژیر سیبه‌ری ره‌شی عه‌باکاندا ونبووه.

هیچ فرمیسکیک به تابلوکه‌وه دیار نیه به‌لام ده‌لیی چاوی مناله‌که هه‌وریکه و سیلاوی ره‌ش هه‌لده‌ریژیته خوار. تابلوکه هیچ ده‌نگیگی پیوه نه‌کیشراوه‌ته‌وه به‌لام ده‌لیی هه‌وریک له پشتیه‌وه بیوچان ده‌گرمینی و نفرین و له‌عنه‌ت حه‌واله‌ی ده‌ر و دنیا ده‌کا!

چ له دلی ژنه‌کاندا ده‌گوزه‌ری؟ بورکانیک که له هه‌ر چرکه‌ی سه‌عاتدا ده‌ته‌قیته‌وه و په‌ژاره و خه‌م و تالی ده‌پرژینیته ده‌ر و، ده‌وروبه‌ره‌که‌ی وه‌ک بالای خوی ره‌ش ده‌کا.

مناله‌که هاوار ده‌کا و دیاره هاواره‌که‌ی رووی له دایکی یان ژنیکی نزیک و ناسیاویه‌تی به‌لام ئاخو مناله‌که دایکی له ژیر په‌رده‌ی ره‌شی عه‌بادا له نیو ئه‌و هه‌موو ژنه شاردراوه‌دا ده‌ناسیته‌وه؟ هاواری مناله‌که پیمان ده‌لی نا! تاریکی و ره‌شاییه‌که ئه‌وه‌نده قورسه که ژنه‌کان له ناسین نایه‌نه‌وه‌و له راستیدا ونن. مه‌به‌ستی

راسته قینه ش له عه با هه ر ئه و له ناسین نه هاتنه وه و ونکرانه بووه.


هه ر وه ک وتم منال له سایه ی سوننه ت و مه زهه بدا ون ده بی. مناله که چ کور بی و چ کچ له ئه سلدا ده که ویته ژیر پی! هه رچه نده به گه وره بوونی مناله که، کور و کچ ژیان و ئیمکان و جیگه و ریگه یان فه رق ده کا، به لام "منال" جیگه یه کی نیه. منال وه کو منال، بوونی نیه، یان گه وره یه یان گه وره مناله!


تابلوی "نوورانی" بینه ر ده باته ئه ودیوی نووری پیروز. ئایین ده سکردی ئینسان خویه تی به لام له ئینسان گه وره تری لی دی، ئه وه نده گه وره که مروڤ له ئاستی په یکه ره که یدا له دیتن نایه. تابلوی "نوورانی" پیشانمان ده دا که به هه لرووشاندنی پیستی ئایین، "پووش"بوونی ته واوی ئه و جه سته گه وره و پیروزه دیته روو. پووشی هه لچناو!


له کوتاییدا ده مه وی له سه ر تابلوی "قه تلی نامووسی" بدویم. ئه م تابلویه زور ئاساییه و له هه مان کاتدا زور هه ست هه لخرینه. گولیکی شکاو، ۳ په لکی هه لوه راو و جی پیی ریبواریک له سه ر به فر. گوله که که وتووه ته ژیر پیی ئه و ریبواره ی که ریگه ی په راندووه و گیانی ئه ستاندووه. قه تلی نامووسی جه رگبره و تابلوکه دلی ئینسان ده گوشی.


دابه ش کردنی مروڤ به پیی جینسی یه کیکه له تایبه تیه کانی ئیسلام و باقی ئایینه کان. ژن وپیاو رولی جیاواز و پله و پایه ی جیاوازی کومه لایه تیان پیده دری. منالان بیجگه له جینسیه ت، جیاوازییه ک نابین له به ینی خویاندا. له کومه لگای ئه مروشدا ئایین کونه په رستانه ترین ئه نستیتویه بو داسه پاندنی جیاوازی و دانی رولی جیاواز و، به "کچ" و به "کور"کردنی منال و به م شیوه دانانی دیوار به ینی ژن وپیاو. ئایین ئه و چه قویه یه که منال له ناوه راستدا له ت ده کا و ده یانکاته دوو جینسی ته واو جیاواز، هه ر وه ک له تابلوی "دابه شکران".






WELCOME TO DENMARK
















MEHRAN 2001








MEHRAN













# For life
# &
# for freedom!

## A few words about five illustrators

(Sardar Abdullah, Aram Abdullah, Renas Aref,

Shokak Abdulsatar, Mehran Torabi)

Soleyman Ghasemiani

Hanaförlaget
Box 6040
424 06 Angered / Sweden

**ISBN 91-974809-0-8**